له كەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال

بۆ بەڕێز سەردار هەڵەبجە*

ئێمە لەو بڕوایەداین کە تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال لە سەرووی هەموو بۆچوونە سیاسی و ئیدۆلۆژییەکانەوەیە (دوورە لە نەتەوە، ئاین، حزب. . . هتد). هەڵەبجە و ئەنفال، تاوانێکن، ئیدۆلۆژیا قبووڵ ناکەن، تاوانێکن لە دژی مرۆڤ، ژینگە و گیانلەرەکان. خەتایەکی گەورەیە ئەگەر کەسێك، حزبێك یا گروپێك هەوڵبدات ئەم کارەساتە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکار بهێنێ. ئێمە پێشی هەموو ئەو هۆهێنانەوانە ڕادەوەستین کە هەوڵ دەدەن دووبەرەکی، بهێننە ناو کار بۆ یەکپارچەیی ئەکتسیونەکان بۆ وەدەستهێنانی داخوازییەکانمان.
هەر چۆن خاوەن بڕیاری جینۆساید، پرسیاری ئینتمای حزبی، ئاینی، خێڵەکی و ڕەگەز، چینایەتی و تەمەن لە هیچ کەسێك نەکرد، هەر هەمووی، بە سرووشت و گیانلەبەر، بۆردومان کرد، ئێمەش دەبێ بە هەمان شێوە لە دژی دەسەڵات، دامودەزگا و بەرپرسیارەکانی رەفتار بکەین.
ئێمە تا ئێستا لە خوارەوەی بەرپرسیارێتین لە بەرامبەر ئەم کارەساتە. پاش تێپەڕبوونی 13ساڵیش، هێشتا هەر نەهاتووینە ئاستی گەورەیی کارەساتەکە، تەنانەت لێیشی تێ نەگەیشتووین، ئەگەر وا نەبا، ئەوا هەموومان بە یەکدەنگ، بە بێ هیچ هۆهێنانەوەو فرەبێژییەك، دەنگمان یەکدەخست!
هیواداریین بەڕێزتان ئەم وەڵامە قبووڵ بکەن و لە شوێنی خۆتان دەوری باڵا ببینن بۆ سەرخستنی ئەکتسیون و داخوازییەکانمان. لە گەڵ ڕێز و حورمەت.

* ئەم نووسینە وەڵامێکە بە ئێمیلێکی کاك سەردار لە 2002/1/18

2002/1/18